حکومەتی هەرێمی کوردستان _ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی/ جوگرافیا

# کـــێشـــەی ئـــاو لـــە ئـــاسـیای نـــاوەڕاســـت

**ئامادەکردنی قوتابی**
**محمد عبدالفەتاح**

## ســـــاڵــی

2021 ی زاینی　　2721 ی کوردی　　1442 ی کۆچی

## پـــێـــرســـــــت

| پـــێـــرســـــت | |
|---|---|
| بـــابـــەت | لاپـــەڕە |
| پـــێـــشـــەکـــی | 1 |
| ئەو وڵاتانەی هاوبەشن لەو کێشەیەدا | 2 |
| ســـەرەتای کێشەکە | 3 |
| کێشەکە لە سۆنگەیەکی ئەرێنیەوە | 4 |
| گەوهەری کێشەکە | 5 ، 6 |
| دوو لەو پێنج وڵاتە سەرچاوەی سەرەکی ئاوەکانن | 7 |
| هۆکاری شکستی دامەزراوە و رێککەوتنەکان لە مامەڵەکردن | 8 ، 9 |

# پــێــشــەکــی

کـێشەی دابـەشـکردنی ئـاو لـەبەشی نـاوەڕاست لـەکیشوەری ئـاسیا یـەکێکە لـەئـاڵۆزترین ئـەو کـێشانـەی نـاوچەکە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەڵکو لەوانەیە هۆکارێکی نوێ بێت بۆ سەرهەڵدانی ململانێ لەنێوان ئەو وڵاتانەدا بـەتایبەت کـە پەیوەندییەکانی نـێوانیان لەکاتێك بۆ کاتێکی تر گرژی تێدەکەوێت، کێشەکەش لە خودی دابەشکردنی ئـاودانیە بـەڵکو لە دابەشکردنی خودی ناوچەکەدایە کە وایکردووە وڵاتێك لەسەر حیسابی وڵاتێکی تر بەشی شێری بەرکەوتبێت، کـەوڵاتێك کەوتبێتە بەشی ئاوڕێژگە لە کاتێکدا وڵاتێکی تر کەوتۆتە بەشی هەڵقوڵانی ئاوەکە ئەوەشیان وایکردووە ئاو وەکو کارتێکی فشار لەکاتێك بۆ کاتێکی تر دەربکەوێت.

**کێشەی ڕاپۆرتەکە:**

ئەگەرچی ئەو بابەتە کێشەیەکی گەورە و هەرێمیە لەنێوان ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە ناوچەکە، بەڵام لەزانکۆکانی کوردستان وەك پێویست گرینگی بەو جۆرە بابەتانە نەدراوە و لێکۆڵینەوەی لەسەرنەکراوە بۆیە خوێنەر یاخود ئەو کەسەی بیەوێت لەسەر ئەو بابەتە بنووسێت دووچاری گرفتی زۆر دەبێتەوە، بەتایبەت نەبوونی سەرچاوە بەزمانی کوردی کە من وەك خۆم یەکێك بوو لە گرفتەکانم لەکاتی ئامادەکردنی ئەو کورتە ڕاپۆرتە نەبوونی سەرچاوەی کوردی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەوڵمداوە کەمێك ئەو کەلێن و بۆشاییە پڕ بکەمەوە بەباسکردن لە ناوەڕۆکی کێشەکە و وڵاتانی بەشدار و داهاتووی ململانێیەکە.

**ئــامانج لە ڕاپۆرتەکە:**

ئامانجم لــە نووسینی ئــەو راپۆرتە ئاشنابوون و روونکردنەوەی کێشەکە و سەرەتایی کێشەکە وئەو وڵاتانەشی کە بەشدارن و رۆلیان هەیە لە ناوچەکەدا و هەروەها داهاتووی کێشەکە کە بە کوێ دەگات بەشیکردنەوە و لێکدانەوەی ورد و زانستیانەی بابەتەکە.

( 1 )

## ئــەو وڵاتانەی هاوبەشن لەو کێشەیەدا

پــێنج وڵات لــەبەشی نــاوەراستی کــیشوەری ئــاسیا کــە بــریتین لــە ( کــازاخستان و قیرغستان و تـاجیکستان و ئــۆزبەکستان و تــورکمەنستان ) لایــەنی ســەرەکین لــەو کێشەیەدا، ئــەو پێنج وڵاتە لە پاش هەرەسهێنانی یەکێتی ســۆڤیەتی جاران رێککەوتوون لەسەر کارکردن بەبنەمای هەماهەنگی وەکو تەوەرێك بۆ بەرێوەبردنی دۆسیەی ئەو ئــاوەی دەروات بــۆ سنوور، وە هــەستاون بــە دامــەزراندنی لـێژنەیەکی هاوبەش لەنێوان وڵاتانی پەیوەندیدار بۆ هەماهەنگی لــەسەر کێشەکانی ئــاو، بێجگە لــە دروستکردنی(ئــەنجومەنی هــاوبەشی نێوان وڵاتە پەیوەندیدارەکان بــەحەوزی دەریای ئۆرال ) وەهــەروەها دروســتکردنی ( سندوقی نێودەوڵەتی رزگارکردنی دەریای ئۆرال ) کە ئەو دووانــەی دوایی لــەســاڵی ( 1997 ) یەکیانگرت بــۆ چــارەسەرکردنی پرسە پەیوەندیدارەکان بەدەریای ئۆرال، بەڵام پــێشبینیەکان ئــەو رێکخراوانە شکستیان هێنا لە پتەوکردنی هاریکاری هەرێمایەتی (المیاه فی اسیا الوسطی، شركة دولية لتحسين التعاون في ميدان المياه وادارتها في اسيا الوسطى ICBA / ص، 3 ).



# سـەرەتای کـێـشـەکـە

لەهەشتاکانی سەدەی رابردوودا ناوچەکە گرژی تێکەوت لەسەر دابەشکردنی ئاو، بەڵام دەستبەجێ روسیا کۆنترۆلی دۆخەکەی دەکرد بۆ ئەوەی کاریگەری نەبێت لەسەر بەرهەم هێنانی لۆکە، بەڵام لەگەڵ هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت بەشێوەیەکی لەناکاو کێشەکە لە پرسێکی ناوخۆییەوە بوو بەبابەتێك لەنێوەندگیری نێودەوڵەتی، هەر وڵاتێکیش لەوپێنج وڵاتە لە دەستووری خۆیاندا سەروەری خۆیان وەکو بەشێکی دەستوری وڵات بەسەر سەرچاوەکانی ئاودا جێگیرکرد، هەروەك هەریەك لەو وڵاتانە لێژنەیەکی ناوخۆییان بۆ هەماهەنگی ئاو لەساڵی ( 1992 ) پێکهێنا، لەکاتێکدا هیچ کام لەو وڵاتانە خۆیان ئامادەنەکرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو بۆشاییەی یەکێتی سۆڤیەت جێیهێشت، پاش ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەپاش دارمانی ئەو وڵاتانەی کرد بە هاوبەش لەژێرخانی سەرەکی و سەرچاوە هاوبەشەکان لەبەکارهێناندا ئەوەش ململانێیەکی خوڵقاند لەنێوان ئەو وڵاتانەدا تا هەر یەکێکیان رۆڵی هەرێمایەتی خۆی دەربخات . هەروەك ناوچەکەی کە دەوڵەمەندە بە سامانە نەوتی و کانزایی و کشتوکاڵیەکان کردە خاکێك بۆ شەڕێکی ڕکابەریکردنی نێودەوڵەتی گەرم بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی نەوت لەژێر سێبەری سیستەمە نادیموکراتیەکان ، هەروەك کێشەی ناوخۆیی گەورەشی بەرپاکرد لەوانە بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و دەرکەوتنی کۆمەڵەی ئیسلامیەکان کە چەکداربوون بەڵکو دۆخەکە سەریکێشا بۆ ترس لەشەڕی ناوخۆیی هەروەك لە جاجیکستان لە ساڵانی نەوەدەکان روویدا . کەبووە هۆکاری دەستێوەردانە دەرەکیەکان بەشێوەیەکی زیاتر بەتایبەت لەلایەن روسیای ئیتیحادی (علاء فاروق، 2010، ازمة المياه في اسيا الوسطى، أداة جديدة للصراع/ دنيا الوطن/ص ( 1 ، 2 ). .



ئەو خاڵانەی خوارەوە بایەخدار و گرینگن ...

1- ئەو وڵاتانە بەرپرسیاریەتی پرۆسەکانی پتەوکردنی هەماهەنگی هەڵبگرن و لەڕووی سیاسیەوە پییەوە پابەندبن.
2- دابەشکردنی سوود و قازانجەکانی ئاو و ئامانجە بەرهەمدارەکانی پەیوەندیدار بە ئاوەکان.
3- گۆڕینی تەرکیزی ئەو وڵاتانە لەسەر ئالەنگاری و بەربەستەکان بۆ دەرفەتەکان.
4- بنیاتنانی هـــاریکاری و هـــاوبەشی فـــراوان بـــۆ گفتوگۆکردن ئـــەو ئەنجامانەی هەن لە نێوان ئەو وڵاتانە و ئەو وڵاتانەش دەکەونە چوارچێوەی کێشەکە.
5- دامـــەزراندنی پـــەیوەندییە کـــەسییەکان و هی دیکەش کـــە ڕاگیراوبن لەسەر متمانەی نێوان وەفدی ئەو وڵاتانە و لـــەنێوان ئـــەو کۆمەڵانەی ئـــاوەکان لەسەر ئـــاستی نیشتیمانی بـــەکاردەهێنن (المیاه فی اسیا الوسطی، شركة دولية لتحسين التعاون في ميدان المياه وادارتها في اسيا الوسطیICBA/ ص، 2 ).

( 4 )

## گـــەوهـــەری کـــێشـــەکـــە

تـــوندترین دیـــمەنی دۆســـیەی کـــێشەکانی ئـــاو لە ئـــاسیای نـــاوەڕاست ئـــەو ناکۆکیەیە کـــە لەنێوان هەریەك لـــە( ئیمام عـــەلی رەحـــمانۆڤ ) سەرۆکی تاجیکستان و ( ئـــیسلام کەریمۆڤ ) سەرۆکی ئۆزبەکستان هەیە، ئـــەوەشی کـــە ســـەرنجڕاکێشە لەو بارەیەوە تـــوانای گەورەی هـــاریکاری نێوانیانە کە دەکرێت بکرێتە مایەی ســـوودی هاوبەشی هەردوو وڵات بۆنموونە دەوڵەتی ئۆزبەکستان کە دەوڵەتی بەشی ئاوڕێژی ئاوەکەیە کە لە تـــاجیکستانەوە دێت، چەندین سەرچاوەی گازی سروشتیە کە دەوڵەتی هاوسێتی کە تاجیکستانە ناتوانێت دەســـتبەرداری بێت لـــەپێناو گرەنتیکردنی بـــەردەوام بوونی پیشەسازی و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان، لەبەرامبەریشدا دەبینین تـــاجیکستان ئەو وڵاتەیە کـــە هەموو ســـەرچاوەکانی ئـــاوی تێدا هەڵدەقوڵێت و بەشی ئاوی هـــەرێمەکە دابین دەکات، بـــەرهەمهێنانی لۆکە و بەرهەمە خۆراکیەکان سەرچاوەی سەرەکی داهاتن بۆ ئـــابووری ئۆزبەکستان، ئەوەش ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی ئاو و سەرچاوەکانی وزە فاکتەری فەرمانڕەوان لە کێشەی نێوان سەرۆکی ئەو دوو دەوڵەتە، وە هـــیچ ڕێگریەك نیە کـــە ببێتە هـــۆکاری ئـــەوەی هـــەردوولا نـــەتوانن هەڵەکان بقۆزنەوە بێجگە لـــە حەزی کەسی لـــەهەر یەکێکیان لەپێناو ســـەپاندنی هەژموونی سیاسی خـــۆیان بەسەر هەرێمەکەدا . ئـــەوەی کـــە زەقتر دەردەکەوێت لە پەیوەندی نێوان تاجیکستان و ئۆزبەکستان هـــەوڵدانی تاجیکستانە بـــۆ دروستکردنی بەنداوی ( ڕۆجـــۆن ) لەسەر ڕووباری ( فـــەخش ) ئەو پرۆژەیەش مشتومڕێکی زۆری لـــە نێوانیان دروستکردووە، پـــرۆژەکە لـــەحەفتاکانی ســـەدەی ڕابـــردوو لەلایەن یەکێتی ســـۆڤیەتی جاران دەستـــی

پێکراو دواتــــر لەپاش هـــەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت راگـــیرا دواتر لەسەرەتای هـــەزارەی نـــوێ دەســـت بەکارکردن تێیدا کرایەوە و تـــائێستاش بەردەوامە، ئەگەر بەنداوەکە تەواو بکرێت ئــــەوە تاجیکستان گورزێکی کوشندە لە ئابووری ئۆزبەکستان دەدات لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئاو کە بەرەو ناوچەی ئاوڕێژەکە دەچن، لەلای خۆشیەوە ئۆزبەکستان بەهەموو ڕێگەیەك هەوڵ دەدات جێ بەجێکردنی بـــەنداوەکە ڕابگرێت ئـــەوەش ناکۆکیەکە قوڵتر دەکاتەوە و نـــاسەقامگیری لەنێوان هەردوو وڵات زیـــاتر دەکات . ئـــەوەش زیاتر بەدیارکەوت کـــاتێك لەسەرەتای ساڵی ( 2013 ) ئۆزبەکستان هەناردەکردنی گـــازی سروشتی بۆ تاجیکستانی هـــاوسێی ڕاگرت کـە ئەوەش بۆجاری سێیەم بوو



لەماوەی دوازدە مانگ، ئـــەو هەنگاوەی ئـــۆزبەکستان کـــاریگەری زۆری کـردە سەر کارکردنی کارگەکانی ئەلەمنیۆمی تاجیکستانی هـــەروەك کاریگەری دروســـتکرد لەسەر کـــارگەی چیمەنتۆ کـــە کەرەستەی خـــام دابین دەکـات بۆ پڕۆژەی دروســـتکردنی بەنداوی ( ڕۆجـــۆن ).

ئەوەی شایەنی باس بێت لێرەدا ئەوەیە کە سنووری سیاسی ئۆزبەکی دەروازەی گـەورەی بەشەکانی باشووری تاجیکستان پێکدەهێنێت کە خاوەن سروشتیکی شاخاوی ناوەخۆییە بێجگە لـــەبڕینی کـــەرەستەکانی نـــاردنی گـــازی سروشتی، ئـــۆزبەکستان هـــەڵسا بەدانانی ســـنوور لـــەسەر ڕۆیشتنی کـەل و پەل و شتومەك بەروە تـــاجیکستان لـــەڕیگەی خاکەکەی خۆیەوە . هەروەها دەمەقاڵێیەکان لـــەسەر هێلەکانی ئـــاسن تا ئاستێکی مەترسیدار چوون پـــاش ئەو تەقینەوەیەی لـەسەر ڕێگەی شەمەندەفەر ( گـــەلابا – ئـــەمۆزانگ ) ڕوویـــدا کـــە بەئاراستەی تـــاجیکستان دەچێت، لـەئەنجامی ئـــەوەشدا ئۆزبەکستان ڕێگاکانی هـــاتووچۆ و گـــواستنەوەی بـــەدرێژایی ئەو ڕێڕەوە داخست ئەوەش بووە هۆکاری گۆشەگیربوونی بـــاشووری تـــاجیکستان و داخـــرانی بەڕووی جیهانی دەرەوەدا، هـــەروەك ئـــەو داخستنەی سنوور و دانانی خـــاڵی پشکنین چەندین کێشەی بـــۆ دانیشتووان دروستکرد، چونکە نزیکەی ملیۆنێك ئۆزبەکی لە تاجیکستان دەژین، وە نـــزیکەی مـــلیۆنێك تاجیکی لـــە ئۆزبەکستان دەژین ، بـــۆیە کـــارکردن بەڤیزای چـــوونە ژوورەوە ســـەردەکێشێت بـــۆ شکستهێنانی بازرگانی نێوانی ئەو خێزانانە ئاڵۆزتر دەکات . کەبەهۆی سنوورەوە دابەش بوون، هـــەروەك لەساڵی ( 2000 ) بەشێکی هـێلی ســـەر سنوور مینڕێژکراوە هەروەك هاتووچۆی وشکانی بـــەڕێگەی ئـــۆتۆمبێل و گواستنەوەی ئاسمانی لەوەتەی دوو دەیەی ڕابردوو ڕاگیراوە . ( كارينا فايزولينا، 2013، ازمة المياه في اسيا الوسطى / صراع محتدم / مركز الجزيزة للدراسات، ص ( 2 ، 3 ).

## دوو لـــەو پـێـنـــج وڵاتە ســـەرچاوەی ســـەرەكـــی ئـــاوەكـــانـــن

زانـــراوە كـــە( 90 % ) ی ســـــەرچاوەكانی ئـــاو لـــەناچەكەدا لـــە دوو وڵاتدان لە كـۆی پێنج وڵاتەكە كـە ئـــەوانیش قـــیرغیزستان و تـــاجیكستانن چـــونكە گەورەترین دوو رووبار لەناوچەكەدا لە خاكەكانیاندا هەڵدەقوڵێن كە ئەوانیش هـــەردوو ڕووباری ( سیرداریا ) و ( ئامۆداریا ) ن، لە كاتێكدا دەبینین وڵاتی ئۆزبەكستان گەورەترین بەكارهێنەری ئـــاوەكە دەكـــەوێتە بەشی ئـــاوڕێژگە بۆیە هەمیشە ئۆزبەكستان پێویستی بە پاراستنی فیچقەكردنی ئاو هەیە بۆ ناو خاكەكەی، لـــەبەر ئەوەشە كە هەریەك لە وڵاتانی قیرغیزستان و تاجیكستان داوا لەوڵاتانی هاوسێی خۆیان دەكات بـــەهای قـــەرەبووكردنەوە داراییەكان زیاد بكەن كە لەبەرامبەر كاركردنی بەنداوەكانیان لەبواری دابەشكردنی ئاو بۆ كشتوكاڵ لە بەرژەوەندی كازاخستان و ئۆزبەكستان و توركمەنستان وەریدەگرن، قیرغیزستان و تاجیكستان بیانوو بـــۆ ئەو داوایەیان بەوە دەهێننەوە كـــە توانایان نییە تێچووی كارەكانی چاكردنەوە و دووبارە ژیاندنەوەی ژێرخانی وێستگەكانی بـــەنداوەكان دابین بكەن . بـــارودۆخی ســـیاسی قیرغیزستانیش دۆخەكە زیـاتر ئـــاڵۆز كردووە ئەوەش دۆخـــی ناوچەكەی زیـــاتر شێواندووە و وایكردووە نـــاردنی ئاو بـۆ ناوچەكانی بەشی باشوور لە كازاخستان بكاتە كێشەیەكی زیندوو ، نـــەخاسمە كە قیرغیزستان هەستا بـە وەستاندنی ئاو لە كازاخستان بەبێ ئاگاداكردنەوەی پێش وەختـــە لەسەروبەندی ئـــاژاوەگێرییەكانی مانگی ئایاری ساڵی ( 2020 ) كە ناوچەی ( ئەوش ) بەخۆیەوە بینی كاتێك دەسەڵاتدارانی قیرغیزی هەستان بە داخستنی كەناڵێك لەسەر بەنداوی ( كیرۆف ) كە كازاخستان ( 80 ) ی ئاوەكەی لـــە كارەكانی كـــشتوكاڵدا بەكاردەهێنێ، هـــەروەك ئۆزبەكستان تووشی هەمان حالەت بوویەوە كاتێك قیرغیزستان هـــەستا بە داخـــستنی كەناڵێك ( كـــەناڵی دۆستێك ) لەسەر هەمان بەنداو ئەوەش گوزارشت دەكات لەسەر هەبوونی كـــێشەی ئاوی بەڵام لە بنچینەدا كێشەكە بـــریتیە لـــە ڕێگاكانی گـــواستنەوەی ئـــاوەكان لە سەرچاوەكانەوە بۆ وڵاتە بـــەكاربەرەكان بـــۆیە كێشەكە بەئاڵۆزی مـــاوەتەوە و پێناچێت وا بە ئـــاسانی گرێیەكەی بكرێتەوە مادام لە ئەسڵدا كـــێشەكە گـــرێدراوە بە چـــەندین كێشەی دیكەی نـــاوچەیی و هـــەرێمایەتی كـــە لەیەك كاتدا وەكو كارتی فشار زەق دەكـــرێتەوە و وەكو ئامرازێك بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەی لاوەكی بەكاردەهینرێت ، بۆیە بۆچوونەكان لەسەر ئەوەن كـــە كێشەكە بـــۆ داهـــاتوویەكی زۆر دوور درێژە بكێشێت (علاء فاروق،2010، ازمة المياه في اسيا الوسطى / اداة جديدة للصراع/ دنيا الوطن/ ص ( 4 ، 5 ) .



## هۆكاری شكستی دامەزراوە و ڕێككەوتنەكان لە مامەڵەكردن لەگەڵ سەرچاوەكانی ئاو لە ناوخۆی هەرێمەكەدا

بـــەپێچەوانەی هەموو پێشبینییەكان ڕێكخراو و دامـــەزراوەكان شكستیان هێنا لە پتەوكردنی هەماهەنگی و هاریكاری هـــەرێمایەتی چونكە دابەشكردنی ئـــــاوەكان پرسێكە مشتومڕی لەسەر دروست دەبێت ، ئەوەش وادەكات گفتوگۆكان ســـەبارەت بە زۆرێك لـــە ڕێككەوتنە دوو لایەنەكان و فرە لایەنەكان ئەنجام بدرێن لەسەر هەڵقوڵانی ئاوەكان، بەڵام ئـــەوەندە هەیە كـــە چوارچێوەی ئەو كارە پارەمەتیدەر نـــەبوو لەسەر كەمكردنەوەی ناكۆكییەكانی ئەو وڵاتانە ئەوەش بـــەشێوەیەكی چـــاوەڕوانكراو ســـەردەكێشێت بۆ بەردەوام بوونی ناكۆكییەكان بەشێوەیەكی گشتی

پێنج فاکتەر هەن شکستهێنانی دامــەزراوەکان و ڕێککەوتنەکان لەمامەڵەکردن لەگەڵ ســەرچاوەکانی ئاو لەناوەخۆی هەرێمەکەدا راڤە دەکــەن کــە بــریتین لــە ...

1- سنووورداربوونی فەرمانڕەوایەتیکردنی دامەزراوە هەرێمایەتییەکان.

2- سنووورداركردنی دەسەڵاتی بەخشراو بە دامەزراوە هەرێمایەتییەکان.

3- لاوازی توانای دامەزراوەییوون لە بواری ئیدارەدانی پرسی ئاوەکان یان ( کێشەی ئاوەکان ).

4- کەمی بری ئەو پارەیەی تەرخانکراوە بۆ ئیدارەدانی کێشەی سەرچاوەکانی ئاو.

5- جێ بەجێ نەکردنی ڕێکەوتنەکان.

ئینجا ڕاستە کە ئاوەکان سەرچاوەی مشتومڕن لەنێوان وڵاتان بەڵام لەوانەشە ببێتە سەرچاوەی هەماهەنگی هەرێمی لــە چــوارچێوەیەکی فــراوانتر (المیاه فـی اسیا الوسطی، شركة دولية لتحسين التعاون في ميدان المياه وادارتــها في اسيا الوسطیICBA/ ص، 3 ).

ئــینجا ئــەگەر ئــاوەکان ببنە ســەرچاوەی هەماهەنگی هەرێمی لە چوارچێوەیەکی فراوانتر زۆر گرینگە چوارچێوەی کــاری یاسایی و دامەزراوەیی دروســت بکرێت کــە کارا و بەردەوامی هــەبێت لەسەر هەردوو ئاستی نیشتیمانی و هەرێمی وەلەلایەن نێوەندگیریەکی نێودەوڵەتی پشتگیری بکرێن، ئیتر ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش دەتوانن پرۆسەی هــەماهەنگی ئــاسانتر بکەن بەگوێرەی ئــاراستەیەکی



ســەقامگیر و باوەڕپێکراو بــۆ ئەوەی بەوە بتوانرێت گــرەنتی گـــەورەتر بــدرێت بەبەکارهێنانی ڕکــابەریانەی ئــاوەکان و لادانی ناکۆکییەکان لەسەری(المياه فی اسيا الوسطی، شركة دولية لتحسين التعاون في ميدان المياه وادارتها في اسيا الوسطیICBA/ ص، 5 ).

## ڕۆڵی ڕێکخراوی ( ئیکبا ) لە ئاسانکردنی هەماهەنگیەکان لەبواری ئاوەکان

وەکــو وەڵامــدانەوەیەك بــۆ پــێویستی ڕووبــەڕووبوونەوەی ئــالــەنگارییەکان کــە لە ئــیدارەی ئــاوەکان لەبەشی ناوەڕاست لە کیشوەری ئــاسیادا هەیە سەنتەری نیودەوڵەتی بۆ کــشتوکاڵی نێوەخۆیی ( ئــیکبا ) کە بارەگاکەی لە شاری دوبەیە لە ئیمارات، وە ئەکادیمیای سیاسەتەکانی هــایدرۆلۆجی لــە ئەنقەرەی پــایتەختی تورکیا هــەڵسان بە پێکهێنانی یەکێتیەکی نێودەوڵەتی بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان و تەکنەلۆجییەکان بە مواسەفاتێکی جیهانی بۆ ڕێکخــراوەکــانی گــەشـــەپێدان و بـــەخشەرەکان، هــەروەها بــۆ حــکومەتەکان و دامـــەزراوە نــیشتیمانیەکان بۆ توێژینەوەکان، وە لـــەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ، ئەو یەکێتیە پەیرەوێکی فــرە پسپۆڕی جێبەجێ دەکــات کــەهەموو خاوەن بڕیارەکانی ئەو کێشەیە تییدا بەشداردەبن و خـــۆی

دەبینێتەوە لــــەبەردەوامیدان بـــە ئامانجەکان (المیاە فی اسیا الوسطی، شرکة دولیة لتحسین التعاون في میدان المیاە وادارتها في اسیا الوسطیICBA/ ص، 5 ).

( 9 )

## دەرئــــەنـــجـــام

لــەمیانەی زانیارییەکانی پــێشوو ئــەوەم بۆ ڕوون بـووەوە کـــە سیستەمی ئـێستای دابەشکردنی ئـــاوەکان لـەبەشی نـــاوەڕاستی کــیشوەری ئــاسیا سیستەمێکی گــونـجاو نیە و هــــۆکارە بـــۆ نیگەرانی زیــاتر لە پەیوەندی نێوان وڵاتە هــــاوسێکانی ئــەو ناوچەیە، وە ئەو کێشەیە کێشەیەکی کۆنە و بەردەوام نوێ دەبێتەوە لەپاڵ چەندان کێشەی تر کە نــــاوچەکە بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، بــۆیە چارەسەری هــەرەنموونـەیی کێشەی ئاو لەو ناوچەیە بریتیە لەسەرلەنوێ دابەشکردنی لەژێر سەرپەرشتی نێودەوڵەتی و گـرێدانی ڕێککەوتنەکان کە ببێتە ڕێگە چارەیەك بۆ بەکارهێنانی بەشە ئـــاوەکان و دوورخستنەوەی کارتی ئـــاو لە کێشە سیاسیەکان و ئــیمزاکردنی ڕێکەوتنە دوولایەنە و ڕێککەوتنە فـرە لایــەنەکان لـــەسەر پرسی ئـــاو لەسەر بنەمای یاسای نێودەوڵەتی کـــە یارمەتیدەربێت بــۆ گەیشتن بە چاەسەرکردنی کێشەکان.

## ســــەرچـــاوەكان

1- ازمة المياه فى أسيا الوسطى ... أداة جديدة للصراح: بقلم علاء فاروق ... دنيا الوطن ... تاريخ النشر /5
. 2010 / 8
https://pulpit.alwatanvoice.com/content/print/206278.html

2- المياه فى أسيا الوسطى ... شراكة دولية لتحسين والتعاون فى ميدان المياه وادارتها فى أسيا الوسطى .
tbwm_brochure_ar_web(1).pdf

3- ازمة المياه فى أسيا الوسطى ... صراع محتدم ... مركز الجزيرة للدراسات : كارينا فايزولينا ... /12
. 2013 / 9
http://studies.aljazeera.net/ar/reports/2013/09/2013912115651127347.html